# لە ساڵیادی تیرۆرکردنی هاورێ نەزیر عومەر ناسراو بە(ئارام)دا
# نە فرەت لە تیرۆیزم



هاورێ نەزیر عومەر کادری جەسور و ئازای کۆمونیست و ئەندامی یەکێتی بێکاران لە 1993/08/25 بەدەستی کۆمەڵێک تیرۆریست لە شارۆچکەی سمێلی دەڤەری بادینان تیرۆر کرا و وپاش سێ رۆژلاشەکەی دۆزرایەوە.
هۆکاری تیرۆرکردنی هاوڕی نەزیر عومەر تەنها ئەوە بوو کە وەک کەسێکی شێلگیرو کۆمونیست لە بەرانبەر کۆنەپەرستی و دەسەلاتی خێڵایەتیدا کۆڵی نەداو سیاسەتی ڕزیو کۆنەپەرستانەی ئەوانی ڕیسوا دەکرد ودیفاعی لە بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکرد داماوی ئەو هێزانەش لە بەرانبەر هاوڕێ نەزیرعومەردا وای کرد ئەوان پەنا بەرنە بەر قێزەوەنترین شێواز کە تیرۆر و لە ناوبردنە چونکە هیچیان شک نەئەبرد لە بەرانبەر بیر و باوەڕی کۆمونیستی هاورێ نەزیردا،ڕێگای هاوڕێ نەزیر پڕ کاروانەو درێژەی هەیە تا ئەو دەمەی کە ئاوات و ئامانجەکانی نەزیر عومەر هاوڕیانی تری گیان بەختکردو دێتە دی کە لە ئازادی و سۆسیالیزمدا بەرجەستە دەبێتەوە.
بەرزوبەڕێزبیت یادی هاوڕێ نەزیر عومەرو سەرجەم هاوڕێانی گیانبەختکردوی ڕێگای سوسیالیزم

## نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆریستان

**23.08.2005**

**سیروان ئەمین**